# چەند پەیڤێك بۆ هەشتی مارس


## عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمكی


بەپێی ئەوەی منیش وەكو گەنجێك لەم كۆمەڵگایەدا چاوم كردووەتەوە كە زۆرێك لەمافەكان تەنها لەبوارەكاندا بەرچاو دەكەون، بەچاكم زانی لەرۆژی (8)ی مارسدا قوڵبوونەوەم هەبێت، لەسەر كێشەو مەسەلە چارەنووسسازەكانی ژنان، بۆیە ئەمساڵ جیاواز لەساڵانی رابردوو تێڕوانینم دەبێت لە(8)ی مارس، كە بەرۆژی ژنان لەجیهان ناوزەد دەكرێت، لەسەرەتادا ئەو رۆژە لەسەرجەم ژنانی جیهان بەگشتی و كوردستان بەتایبەتی پیرۆزدەكەم، سەری رێز و نەوازشم بۆ ژنە نەبەرد و قارەمانەكان دادەنوێنم. ئەوانەی كە لەرابردوودا هەوڵیان داوە و هەنووكەش جێی پەنجەیان دیارە، سڵاوێكی گەرم دەنێرم بۆ سەرجەم ئەو رۆحە پاكانەی ژنان كە بوونەتە قوربانی دەسەڵاتی دڕندانەی پیاو سالاری، سڵاوێك لەژنە شەهیدەكان، سڵاوێكیش بۆ ئەو ژنانەی كە لەماوەی رابردوو و ئێستادا هەموو هەوڵ و تەقەلایان خستووەتە گەڕ لەپێناو یەكسانی و دادپەروەیدا.

بێگومان دیارە هەموو ساڵێك لە(8)ی مارسدا ژنانی جیهان یادی ئەو رۆژە دەكەنەوە، هەرچەندە هەندێ وڵاتی ئیسلامیی هەن ئەو رۆژە بەرز نانرخێنن، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا خۆشبەختانە ژنانی كوردستان، ئەو رۆژە بەرز رادەگرن و خەریكە دەبێتە نەریتێكیش كە پیرۆزبایی ئەو رۆژە لەیەكتر بكەن. لەسەر ئەو ژنانە ئەوەیە كە خۆیان بەداكۆكیكەری مافەكانی ژن بزانن و دەبێت هەوڵ بدەن ئەو رۆژە زیاتر بەخەڵك بدەنە ناساندن و هەروەها لەو رۆژەدا پەیمان و بەڵێن دووپات بكەنەوە. بۆ دەستبەركردنی و وەدیهێنانی مافە سرووشتییەكان خۆیان زیاتری وەدیهێنانی مافەكانی ژنان.

لەلایەكەوە من زۆر رەشبینم و لەلایەكی ترەوە گەشبینم، لەهەوڵدان بۆ یەكسانی كردنی تاكەكانی كۆمەڵگە، رەشبینییەكەم لەوەدایە خۆم لەماوەی رابردووشدا تاقیمكردوەتەوە، ئەو رێكخراوانەی كە بەنێو ژنان و ئافرەتان. ئەوڕۆكە خۆیان بە دەمڕاستی ئافرەتان دەزانن، بەڵام بەداخەوە نەیانتوانیوە هیچ شتێكی ئەوتۆ لەدۆخەكە بگۆڕن. تەنها رووكەشییانە كارەكانیان ئەنجام دەدەن، هەوڵێكی شێلگیرانەیان نییە، مادام ئەوان بۆ پارە و كۆمەڵێ شتی بچووك كاریان پێدەكرێ ئەو كاتە دڵنیادەبین لەوەی كە هیچیان پێ ناكرێ! گەشبینیشم بەوەی هەندێ ژنانی ئازادیخواز هەن، ئەوان بەراستی ئەوڕۆكە لەگۆڕەپانەكەدا خەباتی خۆیانپێش دەخەن. لەپێناو یەكسانی رەگەزیدا تێدەكۆشن و هەروەها لەسەر ژنانی داكۆكیكەر پێویستە پتر خەبات بكەن بۆ بنبڕكردنی هزری میللیگەرایی سەرەتایی و خۆ دەرخستن لەو گێژاوەی كە تێیدا دەژین.